# كۆمارييەكان.. ديموكراتەكان.. ئايا ديمەنەكە گۆڕانێكی ئەوتۆی بەسەرداديێت؟!

ن: توركی ئەلحەمەد
و:محەمەدی مشير
Muhammad_mushir@yahoo.com

وتەی ناودار لە ئەمريكادا ئەوەبوو كە ديموكراتەكان شەڕ هەڵدەگيرسێنن‌و كۆمارييەكانيش دەيكوژێننەوە, لە تێكڕای ئەو جەنگانەی ئەمريكا لە سەدەی بيستدا لە دەرەوەی خاكی خۆيدا تێياندا بەشداربووە, سەرەتای جەنگەكان سەرۆك لە ديموكراتەكان بووە.

لە جەنگی جيهانی يەكەمدا سەرۆك ويدرۆ ويلسۆن‌و, لە جەنگی جيهانی دووەمدا فرانكلين رۆزفلت .. لە جەنگی كۆريادا هاری ترومان‌و, لە جەنگی ڤيەتنامدا جۆن كەنەدی.. دۆخەكە گۆڕانی بەسەردا نەهات تەنها لە كاتی ئيدارەی سەرۆك بۆشدا نەبێت, بە جۆرێك كە وڵاتە يەكگرتووەكانی ئەمريكا لە مێژووی هاوچەرخيدا يەكەمين جاری بوو بەسەركردايەتی سەرۆكێكی كۆماری هەردوو جەنگی ئەفغانستان‌و عێراق ئەنجامبدات.

ئەمڕۆكە ديموكراتەكان وەك ئومێدو رزگاركەر باس لە خۆيان دەكەن بۆ دەربازبوون لە بەرەنجامی سەرچڵيە دەرەكييەكانی بۆش, ئەوەتا ديموكراتەكان لە هەردوو ئەنجومەنی پيران‌و نوێنەراندا زۆرينەی دەنگەكان بەدەست دەهێنن, ئەتۆ بڵێی سياسەتی دەرەوەی ئەمريكا سەراوژێر ببێتەوە, يان مەسەلەكە تەنانەت گفتوگۆی بەڵێنی هەڵبژاردنەكان‌و, هيچ پەيوەندييەكيان بە كردارەكانەوە نييە, بەتايبەتيش لەولايەنەدا كە پەيوەنديدارە بە عێراق‌و ئێران‌و سەراپای ناوچەی خۆرهەڵاتی ناڤين؟

راستييەكەی دەشێ بڵێين مەسەلەكە نە ئەمەيانەو نە ئەويان, چونكە لەلايەكيان, هەندێك لە بەڵێنەكانی هەڵبژاردن رێگەی خۆيان دەدۆزنەوە بەرەو جێبەجێبوون‌و, جۆرێك لە گۆڕان روودەدات .. سياسەتی دەرەوەی ئەمريكاش كەمێك گۆڕان بەخۆيەوە دەبينێ لە سايەی زۆرينەيەكی ديموكراتەكان لە هەردوو ئەنجومەنەكەدا, بەڵام هەروەكو گۆڕانێك دەمێنێتەوە نەوەكو كودەتايەكی ريشەيی.. دەرەنجام زۆربەی بەڵێنەكانی هەڵبژاردن لەسەر زەمينەی واقيعدا جێبەجێناكرێن, هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە هەرچەندە ديموكراتەكان زۆرينەبن لە هەردوو ئەنجومەنەكەی كۆنگرسدا, بەڵام ئيدارە هێشتا كۆمارييە, كە ئەمەش وا لە ديموكراتەكان دەكات لە دەرەنجامدا جۆرێك لە فشاری توند بخەنە سەر سەرۆك‌و ئيدارەكەی بەڵام هەر ناتوانن كۆتبەندی بكەن.. لەلايەكی تردا, لە وڵاتێكی وەكو وڵاتە يەكگرتووەكاندا كە بە شێوەيەكی سەرەكی متمانە دەكاتە سەر حوكمی دامەزراوەكان, سياسەتی پێڕەوكراو, لە ناوەوەو دەرەوەدا, تا سنوورێكی دياريكراو دەگۆڕێت, بەڵام كودەتايەكی ريشەيی بەخۆيەوە نابينێت هەرچەندە كەسەكانيش بگۆڕێن , جياوازی نێوان حزبە ركابەرەكانيش دەوەستێتە سەر ئەو رێگەو هۆيانەی ئامانجەكە دەهێننەدی, نەك سەر خودی ئامانجەكە, كە ئەويش بريتييە لە بەرژەوەندی باڵای دەوڵەت, بۆيە لەبەر ئەمە سياسەتی دەرەوەی ئەمريكا بەشێوەيەكی گشتی زۆر ناگۆڕێ, تەنها لە رووی ئەو وردەكارييانەوە نەبێت كە پەيوەستن بە چۆنيەتی بەديهێنانی ئەم ئامانجە يان ئەويتر, بەڵام خودی ئامانجەكان لەلای كۆماری‌و ديموكراتەكان هەريەكە.

بۆ نموونە لە ململانێياندا لەگەڵ ئێران هەردوو لايەنی كۆماری‌و ديموكراتەكان كۆكن لەسەر ئەوەی كە ئێران هەڕەشە دەكاتە سەر ئاسايشی ئيسرائيل‌و, ئاسايشی وڵاتانی دراوسێ, بەتايبەتيش عێراق‌و سعوديەو وڵاتانی كەنداوی عەرەبی, كە بەشێكە لە ئاسايشی ئابووری‌و غەيرە ئابووری وڵاتە يەكگرتووەكان, لێرەدا جياوازييەكە لە نێوان هەردووﻻ لەوەدايە كە چۆن مامەڵە لەگەڵ پرسی ئێران بكەن نەك لە خودی پرسەكەدا.

بەڵام سەبارەت بە عێراق كە ناوەڕۆكی باسەكەيە, هەندێ لە براوەكانی هەڵبژاردنی ئەم دواييەی كۆنگرس بەڵێنياندا كە كار بۆ كشانەوەی يەكسەرە بكەن لە عێراق, ئەمەش تەنها بەڵێنێكی هەڵبژاردنەكانە, بە بۆچوونی من ناكرێ جێبەجێ بكرێت, ئەگەر هەڵبژاردنەكان بەر لە چوونی هێزەكانی ئەمريكا بۆ عێراق بوايە, رەنگە جياوازی نێوان هەردووﻻ لەم حاڵەتەدا لە بارەی كاريگەرترين چارەسەر بوايە لەگەڵ رژێمی سەدام حوسێن‌و, مەترسيشی كەمتربوايە, بەڵام كاتێك چارەسەری سەربازی جێبەجێكراو ئەمريكا چووە ناو عێراق, ئەوا كێشەكە بووە واقيعێك كە پێويستە وەكو خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت‌و, هيچ رێگا چارەيەكی ديكە لەبەر دەستدا نەما, لەم حاڵەتەدا ديموكراتەكان ناتوانن لە عێراق دەربچن هەتا ئەگەر ئەمەشيان بوێت يان بەڵێنەكانی هەڵبژاردنيان لەمبارەيەوە بووبێت, چونكە ئاسايشی دەوڵەت‌و بەرژەوەندييە باڵاكانی لەم حاڵەتەدا سەنگی مەحەكن, هەردووﻻ, كۆماری‌و ديموكراتەكان, دەزانن كە پاشەكشەی يەكسەرەو دەسبەجێ لە عێراق‌و بەم شێوەيەی كە ئێستا تێيدايە وازلێهێنانی, گەڵێك لە لايەرەكان تێكەڵاو دەكات‌و لە تواناشدا نامێنێ بەرەو رووی ئێران‌و پرۆژەكانی لە ناوچەكەدا بوەستن‌و ناردنی نەوتی ناوچەكەو جيهانيش بۆ ئەمريكا زامن



www.dengekan.com

ناكرێت.. هەروەها عێراقیش دەبێتە چاوگەیەكی چالاكی تیرۆریستانەو هەڕەشە لە ئاسایش‌و ئارامی ناوچەكەو خودی ئەمریكا دەكات‌و, رووداوەكانی یازدەی سێبتێمبەریش چیدی بە دەگمەنی نامێننەوە لە مێژووی ئەمریكادا..

ئەوەی كە لە سیاسەتی ئەمریكادا دەگۆڕێت سەبارەت بە عێراق بریتییە لە چۆنیەتی هەڵسوڕاندنی قەیرانەكە, بەتایبەت ئەگەر سەرۆكێكی دیموكراتی دوای دوو ساڵی دیكە بێتە سەر حوكم.

رۆشنە كە سیاسەتی بۆش هۆكارێك بوو لەو هۆكارانەی دۆخی ئێستای عێراقی لێكەوتەوە, ئەم سیاسەتە عێراقی داماڵی لە دامەزراوە سیاسییەكانی بێئەوەی ئەلتەرناتیفێكی رۆشن‌و كارای بۆ دابنرێت, ئەمەش بۆشاییەكی سیاسی خوڵقاند كە بەش بەحاڵی خۆی ژینگەیەكی گونجاوی بۆ تەقینەوەی تایفەگەری‌و هۆزگەری‌و ناوچەگەرێتی هێنایە ئارا.. پێدەچێ بۆش‌و راوێژكارە مەسیحییە تازەكانی, لەو باوەڕەدابووبن تەنها بە رووخانی رژێمی سەدام, كارەكان خۆیان بەڕێوەدەچن‌و, پێكهاتەی كۆمەڵایەتی عێراق‌و ئەزموونی سیاسی عێراقییان, لەوەتەی 14 تەمموزی 1958ەوە, لەبەرچاو نەگرت.

راستییەكەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا بەشێوەیەكی گشتی, جا چ باسی كۆمارییەكان بكەین یان دیموكراتەكان, هەردەم كورتبین بووە سەبارەت بە كارو كاردانەوەكان بە پێچەوانەی سیاسەتی بەریتانیا كە هەمیشە كاردانەوەكانی لەبەرچاوگرتووەو بەر لە روودانی كارەكان رێگا چارەی گونجاوی بۆ داناوە.

دیموكراتەكان چۆن مامەڵە لەگەڵ دۆخی عێراقدا دەكەن؟

ئەمە ئەوەیە كە نایزانین, بەڵام بەدڵنیاییەوە سیاسەتی نوێ لە ئارادا دەبێت, بەڵام لە سایەی مانەوەی ئەمریكا لە عێراقدا, ئەمەش هەموو ئەوەیە كە دەیزانین ئەگەر لێكدانەوەكەمان دروست بێت!

---

*سەرچاوە: ئەلشەرق ئەلئەوسەت

12/ 11/ 2006



www.dengekan.com